# SECURITY

Soza cs



ئامادەکردنی :سۆزیار عوسمان علی

خوێندکاری قۆناغی سێیەمی بەشی زانستی کۆمپیتەر

# پێشەکی

لەم کتێبەدا زانیاریەکی پێویست دەدەین بە خوێنەرانی ئازیز دەربارەی سکویرتی و کۆمەڵێک خالی گرنگ دەخەینەروو کە پێویستە هۆشیار بین بەرامبەریان ، ئەگەر کەسێک بیت کە شارەزایت لە بواری سکویرتی هەبێت ئەوە دەتوانیت ئەم پەرتووکە بخوێنیتەوە بۆ بوونی زانیاری زیاتر و ورد تر لەسەر بابەتە کە و ئەگەر هاتوو زانیاریت لە بارەی سکویرتی نەبوو انشاللە سودێکی باش لە زانیاریەکان وەر دەگریت .

بریارم داکە ئەم پەرتوکە بنووسم بەهۆی کەمی زانیاری یان دەتوانم بلێم نەبوونی زانیاری بە بری پێویست دەربارەی سکویرتی یان هەر بابەتێکی تری زانستی بە زمانی کوردی و نەبوونی پەرتوکی زانستی یان بوونی بەبرێکی کەم ئەمە لەکاتێک دایە کتێبخانەکانمان پرن لە جۆرەها کتێبێک کە رەنگە سوودێکی ئەوتۆی بۆ خوێنەران نەبێت ، کاری ئێمە لێرەدا باسکردنی بابەتێکی زانستیە با زۆر درێژە بەم بابەتە نەدەین .

سەرەرای بوونی ژمارەیەکی زۆر لە بەکار هێنەران و کارمەندان و فەرمان بەران و رۆژانە بەکار هێنانی سۆشیالمیدیا جیاوازەکان زۆرن ئەو کەسانەی کە بە چاو داخراوی بەکاری دەهێنن بێ ئاگا لەوەی رەنگە کەمتەرخەمی و نەزانی خۆیان ببێتە هۆی لەناوبردنی ئەو داتا و زانیاریانەی رۆژانە ئالگۆری دەکەن و لە ئامێرە کانیاندا دایان ناوە .

پێش باسکردنی بابەتەکە حەز دەکەم بلێم کە سکویرتی زۆر لەوە فراوانترە کە من بتوانم لە پەرتوکێکی چەند پەرەیدا باسی بکەم و رەنگە ئێمە لە ئێستەدا بە جۆرێک باسی بکەین بەلام وەک دەزانین تەکنەلۆژیا لەبەرەو پێشچوون دایە رۆژ بە رۆژ گۆرانکاری تازە ئەنجام دەدرێت.

دەمەوێت داوای لێبوردن لە خوێنەران بکەم بۆ بەکار هێنانی هەندێک وشە بە زمانی ئینگلیزی هەندێک جار ئەو وشەیە ی کە بەکاری دەهێنین بە کوردیەکەی مانایەکی زۆر روونی نابێت .

## چی وایکرد باسی سکویرتی بۆ خوێنەران بکەم ؟

سکویرتی بابەتێکی زۆر گرنگە لە کوردستان زۆر کەمن **ئەو** کەسانەی کە زانیاری تەواویان لەسەری هەبێت یان گرنگی بەم بابەتە بدەن .هۆکاری سەرەکیم دەگەڕێتەوە بۆ یەکێک لە ئەرکەکانی زانکۆم لەگەڵ هاورێکانم پێشنیارمان بۆ کرا لەلایەن دکتۆری وانەی سکویرتیەوە بۆ سەردانکردنی دایرەیەکی حوکمی و باسکردنی سکویرتی و هۆشداری دان بە کارمەندان دەربارەی بابەتەکە.

ئەوەی بۆ ئێمە زۆر سەیر بوو لەکاتی ئەنجامدانی ئەرکەکەماندا دایرەیەکی زۆر گەورەی حوکمی کە بە سەدان کەس کاری تێدا دەکەن و بە هەزارەها زانیاری تێیدا ئالگۆر دەکرێت

چ داتایەکیش؟

و چ زانیاریەکیش ؟

زانیاری حوکمەت .

بەلام کارمەندانی ئەوێ نەک هەر زانیاریان نەبوو ئەتوانم بلێم هیچ گرنگیان بە سکویرتی نەدەدا .

و لەکوردستان بەگشتی گرنگی بەم بابەتانە نادرێت و بەکەم سەیر دەکرێت و دەمەوێت بلێم لە زۆر شوێنی تری کوردستان هەیە تاک تاک ستافی سکویرتی زۆر بەهێزیان هەیە و گرنگیەکی زۆر بەبابەتەک دەدەن بەلام ئەوەی ئێمە باسی دەکەین بەشێوەیەکی گشتیە .



## سکویرتی چیە؟

سکویرتی یەکێکە لە بابەتە گرنگەکانی بواری تەکنەلۆژیا لە زمانێ کوردیدا سکویرتی بە مانای (ئاسایش،ئەمنیەت)دێت بوونی سکویرتی و شارەزای دەربارەی سکویرتی پارێزگاریمان لێدەکات لە هێرشە ئەلیکترۆنیەکان کەروبەروومان دەبنەوە .



## سایبەر سکیوریتی چییە؟

سایبەر سکیوریتی بریتیە لە ڕێگەکانی پارێزگاریکردن لە کۆمپیوتەر، سێرڤەر، مۆبایل، ڕاژە(نێتوۆرک)، هەر جۆرە داتا و ئامێر و سیستەمێکی ئەلیکترۆنی، هەروەها پێشی دەوترێت پارێزگاری تەکنەلۆژیای زانیاری.



## سودی سکویرتی چیه ؟

بەربەستێکە ڕێگادەگرێت لە دزەکردنی داتا و زانیاری کەسی بە ئاسانی ، یان کەمکردنەوەی بردن و دەستکاری کردنی داتاو زانیاری.



## ئایا سکویرتی دلنیای لە ١٠٠٪ هەیە ؟

بە دلنیایەوە نەخێر ،هەر شتێک ببەسترێتەوەبە نێتۆرک (تۆر) یان لە ناو نێتۆرک دا بێت ئەگەری دزەپێکردنی زانیاری و هاک کردنی هەیە .

### سکویرتی تۆرەکۆمەلایەتیەکان تا چەنێک دەپارێزێت لە دزەپێکردنی داتاو زانیاریەکان و هاک ؟

سکویرتی تۆرەکۆمەلایەتیەکان دوو جۆرە

- ئەوسکویرتیەی کۆمپانیاکان خۆیان دایدەنێن بۆ بەرنامەکان کە بەکار هێنەر رۆژانە بەکاری دەهێنێت.
- ئەو سکویرتیەیەی کە کەسەکان خۆیان دایدەنێن بۆ هەژمارەکانیان .

هەر دەربارەی جۆری دووەمیان ئاسانکاریەکی کورت پێویستە بەکارهێنەر ئەم خالانە ئەنجام بدات .

1. Setting & privacy
2. Setting
3. Security and login
4. Tow-factor

ئەم جۆرە بەکارهێنەر دەپارێزێت لە هاکەرەکان یان مشەخۆرەکەن بە کوردی ،کە رێژەی لە ٪٦٠ سکویرتی دابین دەکات بۆ هەژمارەکەت کە رۆژانە بەکاری دەهێنیت .

- دانانی notifications login بۆ ئەکاونتە کانتان لە کاتێکدا کە کەسێکی تر ویستی ئەکاونتەکەتان بکاتەوە لە رێگەی نامەیەکی ئاگادار کردنەوەوە ئاگادار دەکرێنەوە ئەگەر هاتوو ئێوە tow fact تان ئەنجام دابێت بۆ ئەکاونتە کانتان .

- دوور بکەوەرەوە لە بەکار هێنانی ئەو رەسم و ریکلامانەی کە بۆ رەنگی جانتا و سیلاح و ..... شتی ترن لە یاری پۆبجی و یاریە کانی تری هاو شێوەی چونکە زۆر جار دەبنە هۆی scam and phishing واتە پەرەی تەزویرن .

- دوور بکەرەوە لەو وئبسایت و پەیجانەی کە ئاگادارت دەکەنەوە فەیسبووکەکەت بپارێزیت لە ریپۆرت و زیان چونکە زۆربەیان پەیج و ئەکاونتی تەزویرن و دەبنە هۆی زیانپێگەیاندنت لە رێگەی access tokens وە.

- رۆژانەسەیری ئەکاونتەکەت بکە بزانە لە شوێن و جێگای تردا نەکراوەتەوە.

- لە هەموو شوێنێک بەرنامە بۆ ئامێرەکانت دا مەگرە تا دلنیا دەبیتەوە ئایا ئەو جێگەیە سەلامەتە یان نا .

- لەپێش چاوی کەس ئیمەیل و ژمارەی نهێنیەکەت داخل مەکە و بۆ هیچ کەسێکی مەنێرە با زۆر متمانەشت پێی بێت لە سکویرتی دا شتێک نیە بە ناوی متمانەوە و لە مۆبایلی هیچ کەسێک دا ئەکاونتی خۆت مەکەرەوە .

## ئایا ئەو سکویرتیەی دامانناوە دەتوانین لای بەرین؟

بەلێ بۆ کەسانی شارەزا زۆر بە ئاسانی لادەبرێت لە ڕێگەی ئایدیەوە .



## لەکاتی نەگەرانەوەی کۆدی سکویرتی چۆن هەژمارەکەمان بکەینەوە ؟

لە م حالەتەدا کۆمپانیای تایبەت کۆمەڵێک کۆدی جێگیر کردوە کە دەتوانین لەڕێگەی ئەو کۆدانەوە هەژمارەکەت بکەیتەوە و ئەویش بە ئەنجامدانی ئەم هەنگاوانە .

1. Setting & privacy
2. Setting
3. Security and login
4. Tow–factor
5. Recovery code

که باس لە سکویرتی دەکەین گرنگە باس لە بابەتێکی گرنگی سکویرتی بکەین ئەوش مالوەیرە و لێرە بە شێوەیەکی کورت باسی مالوەیر دەکەنن و بەلام باس لە شێوازی دروستکردنی هەر جۆرێکیان ناکەین بۆ زۆر درێژە نەدان بە بابەتە کەمان.



پێش ئەوەی باسی مالوەیر بکەم دەمەوەت بلێم بابەتی مالوەیر رەنگە تێگەشتنی بۆ خەێنەران هاندێک ئالۆز بێت بەلام هەولدەدەم بە سادەترین شێوە باسی بکەم.

## مالوەیر چییە؟

مالویر Malware لە هە ردوو وشە ی

Malicious Software وە رگیراوە و، بریتییە لە و

زاراوە یە ی کە هە موو جورە کانی بە رنامە پیس و زیانبە خشە کان دە گریتە وە و ، هە موویان لە ژیر نە م ناوە دا جیگە یان دە بیتە وە وە کو ڤایرۆسەکان Viruses، کرمە کان Worms

Trojan Horses........

هە موو یان بە شیوە و ریگە ی جیاواز کاردە کە ن و بچووکن و، خزمە تگوزاری پیشکە ش ناکە ن و زنجیرە یی نین،

بە لام هە موویان دە توانن کومپیوتە ر تووشبکە Infect و گە ندە لی بکە ن Corrupt.

ده توانریت دابیه زینریت و بیته ناو کومپیوته ره وه له ریگه ی ئیمه یله وه E–Mail، یان فایله وه File، له ئینته رنیته وه ،هه روه ها ده توانن بلاو ببنه وه و دابه ش بین به هوی توره کانه وه .Networks

ئەوەی گرنگە باسی بکەین زۆر جار خەلکی بە جۆرەکانی مالوەیر دەڵێن ڤەیرۆس و بە ڤایرۆس هەموویان دادەنێن بەلام لە راستیدا ڤایرۆس سادەترین جۆری مالوەیرە.



بیگومان مالویره کان جوریان زوره و، لیره دا چه ند جوریکیان باس ده که ین و ، روونیان ده که ینه وه و، نمونەی

کرداریيان بو ده هینینه وه :

## یه که م // ڤایروسه کان Viruses

ڤایروسه کان دروست ده کرین به به کارهینانی به رنامه کانی کومپیوته ر له لایه ن مروقه کانه وه ، پییان ده وتریت ڤایروس له به ره وه ی کومپیوته ر تووش ده که ن Infect و گرفتی بو دروست ده که ن، ڤایروسه کان له وانه یه زور کاریگه ریان هه بیت، هه ندیك له وانه کاریگه ریبان که مه و، هه ندیکیان ناوه نده و، هه ندیکیان کاریگه ریان زور زوره و ، ویرانکه ر وتیکدارن.

هه موویان بیزراو و نه ویستراون و، له شیوەی جیاوازدا کاریگه ریان ده رده که ویت ، وه کو تیکدان و خراپ کردنی فایلی زانیاری یان دەرکه وتنی له شیوەی نامه و په یام دا.

ده توانین ڤایرۆسی کومپیوته ر به وه پیناسه بکه ین که به رنامه یه کی بچوکه ، که خۆی

Attach ی به رنامه ی تر ده کات و ، بلاو ده بیته وه کاتیك به رنامه ی خانه خوی و هه لگر Host Program له به ری ده گیریته وه له لایه ن به کارهینه ره وه بۆ کومپیوته ریکی تر یان داده به زیته ناو ئامێری کومپیوته ر له ریگه ی توره کانی ئینته رنیته وه کاتیك به رنامه ی خانه خوی

Host Program و هه لگر ، داده نریت له ناو توره کان Networksدا.

به لام به زوری به هوی فلاش و دیفیدی و ..... ده گویزریته وه له ئامیریکه وه بو ئامیریکی تر ، به هوی گواستنه وه ی فایل و زانیاری



## جۆری دووه م// وۆرمەکان Worm

هاکه ره کان Worm دیزاین ده که ن بو هاککردنی که سی به رامبه ر هەر چۆنێک بیت Worm به بی ئامانج و توشبوون به فایله تایبه ته کان که ئیستا له سیسەمەکەدا دووباره به رهه م ده هینریته وه کرم تۆڕیکی کومپیوته ر به کارده هینن بوبلاوبوونه وه و پشت به زیانه ئه منیەکان له سیسته می ئامانجدا ده به ستن بۆ گه یشتن به ئه و و دزی و سرینه وەی

فایلانە بە رنامە رێژ کراوە کان و زۆر Worm تە نها بۆ بلاوبونە وە لە گۆڕینی ئە و سیستە مانە ی کە تپیدە پە رن.

## جۆری سێیەم // سپایوەر Spyware

وە ک ناوە کە دە ری دە خات، ئەمە سوفتونریکە کە سیخوریت لە سەر دەکات سیخوری وە ک تومارکردنی ناو چالاکیانەی کە ئەنجامیان دەدەیت رۆژانەلە وێبگەر دا و چالاکیە کانی ترت نە نجامی دە دە یت، زورجار چالاکی گرانت بو ریکلامکرە کان دە نێرن سیخورە کان هە رچە ندە لە توانایان دا هەیە کە لە نمونە دا لە وانەیە زانیاری هەستیار تومار بکەن وەک ئەژمێری بانکی، نهینی وشە کان یان زانیاری کارتی کریدیت، وە هە موو سیخوورە کان یان سپایوەر خراپ نین بە لام دیزاین کراون بو تیکدانی تایبە تمە ندی یان خراپ بە کارهینانی زانیاریە کانت.

## جۆری جوارم// ئادوەر Adware

به رنامه كان كه بو پيشاندانی ريكلامه كان له سەر

سيسته مه كه ت ديزاين كراون، ئەم مالويرانه داواكاريه كانی گەرانت ده گوازنەوه بؤ ويب سايته ريكلامه كان و زانياری بازار كردن كۆده كاته وه ده رباره ی تو، بو نموونه ريكلامه كان به شيونيه كی ئاسای وزانيار كۆدەكاتەوه لەسەرجۆری يەو ويبسايتانه ی كه سەردانی دەكەی.

## جۆری پينجه م// كی لۆگەر Keylogger

به كارديت بو دزينی هه موو پاسوورد و ئه كاونته كانی كەسی به رامبەرله كاتی كردنه وەی ڤايرۆسه كه.

## جۆری شەشەم //رانسۆمویر Ransomware

به كارديت بو وه رگرتنی پاره له كه سی به رامبه به رهەره شه كردن و سرينەوەی فايله كان له ماوه يه كی دياری كراو.

## جۆری حەوتەم// بوتنێت Botnet

بە کاردیت بو کۆکردنەوەی نیچیری زۆر و نە نجامدانی کاری زۆر پێیان لە یە ککاتدا بو نموونە هیرشی DDos، یاخود.minnig

## جۆری هەشتەم // رۆتیکت Rootkit

روتیکیت کومە لیک ئامرازی  سوفتویری خراپە کە بە بە کارهێنەرە  بێ مؤلە تە کانلە رێگەیەوە دەستگە یشتنی تەواو بە سیستە مە کە دە دات، دوای دابەزاندنی ریت کیت، کونترولکەری ریت کیت توانای ئەوەی هەیە فایلە کان لە دووره وە کارپی بکات و ریکخستنە کانی سیستەمەکە بگوریت لەسەرئامێری خانە خوی.

## جۆری نۆیەم // ترۆجان Trojan

تروجان له به رنامه یه کی خراپه وه ده رده که ویت، هاکەره کان تروجان وه ك به رنامه یه ک بلاوده که نەوه که هانی قوربانی ده دات بۆ دامه زراندنی لاسار سیسته مه که یان.

ئەم چه مکه له چیروکی یونانی کونی ئه سپیکی دارییەوه وه رگیراوه که بۆ هیرشکردنه سه ر شاری ترۆی به کارهات.



هەر کاتێک باسی سکویرتی بکرێت خێرا بیر لە هاک و هاکەرەکان دەکەینەوە با چەند زانیاریەکی کەمی لەسەر بزانین .

هاککردن لە سەردەمی دیجیتاڵی ئەمڕۆدا بووەتە نیگەرانییەکی بەرچاو، لە ساڵانی ڕابردوودا چەندین هێرشی بەرز ڕاپۆرتکراون. گرنگە تاک و ڕێکخراوەکان ڕێوشوێنی خۆپارێزی لە هاککردن بگرنەبەر بە جێبەجێکردنی وشەی نهێنی بەهێز و بەکارهێنانی دیواری ئاگر و نەرمەکاڵای دژەڤایرۆس و بەردەوام نوێکردنەو وریابوون لە کاتی کردنەوەی ئیمەیڵەکان لە سەرچاوەی نادیارەوە.

هاککردن لە سەردەمی دیجیتاڵیدا تادێت بووەتە بوارێکی گرنگ و زۆرێک لە ڕێکخراوەکان بۆ ئەنجامدانی کارەکانی ڕۆژانەیان زۆر پشت بە سیستەمی کۆمپیوتەر و تۆڕەکان دەبەستن.

لە ئەنجامدا هاکەرەکان بوونەتە هەڕەشەیەکی بەرچاو بۆ سەر ئاسایشی ئەم سیستەمە و ئێستا خواست لەسەر ئەو کەسانە زیاد دەکات کە بتوانن یارمەتیدەر بن لە پاراستن لە هێرشە ئەلیکترۆنییەکان.

لەکاتێکدا زۆرجار هاککردن پەیوەندی بە چالاکییە زیانبەخشەکانەوە هەیە، بەڵام گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە هەموو هاکەرەکان خراپ نین.

بۆ نموونە هاکەرە ڕەوشتییەکان کاردەکەن بۆ دەستنیشانکردنی لاوازییەکانی ناو سیستەمی کۆمپیوتەر و تۆڕەکان بۆ ئەوەی بتوانرێت چارەسەریان بۆ بکرێت پێش ئەوەی بتوانرێت لەلایەن کەسایەتییە زیانبەخشەکانەوە بقۆزرێتەوە.



ئەو ئامراز و تەکنیکانەی کە هاکەرەکان بەکاریدەهێنن بەردەوام لە پەرەسەندندان، ئەمەش وای کردووە ڕێکخراوەکان لە ڕووی ئاسایشی ئەلیکترۆنییەوە لە پێش کێشەکەدا بمێننەوە.

هەندێک شێوازی باو کە هاکەرەکان بەکاریدەهێنن بریتین لە ئەندازیاری کۆمەڵایەتی (کە تێیدا هەوڵدەدەن فێڵ لە خەڵک بکەن بۆ ئەوەی دەستیان بە زانیارییە هەستیارەکان بگات)، فێڵی فیشینگ (کە تێیدا ئیمەیڵ یان نامە دەنێرن کە بە شێوەیەک داڕێژراون کە یاسایی دەربکەون بەڵام کە بەرنامەی زیانبەخش یان کۆدی زیانبەخشی دیکەی تێدایە)،

و هێرشی هێزی دڕندە (کە تێیدا ئامرازی نەرمەکاڵا بەکاردەهێنن بۆ پێشبینیکردنی وشەی نهێنی تاوەکو یەکێکیان دەدۆزنەوە کە کاربکات).

بۆ پاراستن لەم جۆرە هێرشانە، تاک و ڕێکخراوەکان پێویستیان بە ڕێبازێکی چالاکانە هەیە بۆ ئاسایشی ئەلیکترۆنی. ئەمەش بریتییە لە بەکارهێنانی وشەی نهێنی بەهێز کە پێشبینیکردن یان درزکردن بۆ هاکەرەکان قورسە.




## هاککەر کێییە ؟ هاک چییە ؟

هاکەر ئەو کەسەیە کە دەتوانێت چەند کردارێکی نائاسیی ئەنجام بدات کە هەموو خەڵک پێی ناکرێت وە دەشتوانێت پارێزگاری لە سیستەمەکان بە پێی شارەزاییان. گەیشتن بە شوێنێکی نایاسایی و کۆنترۆڵ کردنی شوێنەکە ئەوە مانای ئەوەیە ئەو شوێنەی هاک کرد (بڕی) هاک کردن لە زمانی کوردی لە بڕین نێزیکە ئەگەر سایتێک هاک بکەی واتە سایتێکت بڕی.

ئینجا چ سایت بێت چ کۆمپوتەر بێت چ ئەکاونتێک بێت چ نێتوۆرکێک بێت هاکەر کەسێکی شارەزایە لە چەند سیستەمێک و بە پێی لێکدانەوە و تێکەڵ کردنی شتەکان و بەکار هێنانی چەند پێداویستیەک دەتوانێت کرداری بڕین ئەنجام بدات.



هاکەرەکان جۆریان زۆرە کاری جیاواز ئەنجامدەدەن

باسێکی کورتی هاکەرەکان دەکەین .

## جۆرەکانی هاکەر:

1- white hat hackers

2- grey hat hackers

3- Black hat hackers

4- suicide hackers



## ئەوانەی سەرەوە گشت جۆرەکانی هاکەرن لە دونیای هاک با بزانین جیاوازیان چیە؟

1- وایت هات (کڵاو سپیەکان) کڵاو سپیەکان ئەو هاکەرانە دەگرێتەوە کە بە مەبەستی خراپ کۆنترۆڵ و دەستکاری سیستەمەکان ناکەن بەڵکو خاوەن سیستەمەکە ئاگادار دەکەنەوە لەو هەڵانەی هەیەتی جگە لەوەش هەوڵی پاراستنی سیستەمەکان دەدەن و زانیاری پاراستن بڵاو دەکەنەوە.

information security بە زمانی عەرەبی پێی دەڵێن (أمن معلومات) لە هەمان کات دا هاکەری کڵاوسپی وایت هاک توانای کاول کردنی سیستەمەکەشی هەیە بەڵام ئەو کارە ناکەن وەک بڵێی بە ڕەوشتن (هکر أخلاقی) وە ئەوان کاری نایاسایی ناکەن بەداخەوە ئەوانە لە ناو کورد ڕێژەیان زۆر کەمە!

٢- هاکەری گرێی هات کڵاو سلڤەر (ڕەساسی) ئەو هاکەرانە هەڵسوکەوتیان لە نێوان هاکەری وایت هاک و بلاک هاتە، ئەوانە لە کاتی هاک کردن ئەگەر بزانن کارەکەیان سوودی هەیە بۆ خۆیان و بۆ ناوبانگیان ئەنجامی دەدەن بە چاک و خراپەوە و زۆربەی کات دزی دەکەن وەک دزینی ماستەر کارد لە ناو سایتەکان بەڵام ئەگەر شتێک سوودی نەبێت بۆیان خۆیان پێوە ماندوو ناکەن و دەستی لێ دەپارێزن و کاولی ناکەن.. واتە لەسەر هەوەس کار دەکەن زۆر کاتیش لە یاسا و پۆلیس دەترسن..



٣- بلاک هات هاکەر (کڵاو ڕەشەکان) ئەو هاکەرانە بە جۆرە ترسناکەکە لە قەڵەم دەدرێن و بە هیچ شێوەیەک حساب بۆ هیچ ناکەن و ئەوەی بێتە

پێشیان دەیفەوتێنن ئەوەی ناوی سۆز بێت نیانە و هەرچی بۆیان بڕەخسێت کۆنترۆڵی دەکەن و کاولی دەکەن بە چاک و خراپەوە وەک هاکی ماڵپەڕ و سێرڤەر – نێتوڕک – ئیمەیل و ئەکاونت – کۆمپیوتەر – زانیاری دزین – هتد... –

جگە لەوەش ئەو جۆرەی هاکەر زۆر زیرەکانە فێل لە یاسا دەکەن و بە هیچ شێوەیەک نادۆزرێنەوە چونکە ئەگەر نەزانێت کاری ئاسایش چیە بۆ دۆزینەوەی خەڵک ئەو کارە ناکات!

تەنانەت پۆلیس و ئاسایشی وڵاتیش هیچ دەسەڵاتێکیان نیە بەرامبەر ئەو هاکەرانە! ئەو هاکەرانە زۆربەی کات بوتنێت بەکار دێنن بۆ کۆنترۆڵ کردنی زۆرترین ڤیکتم (توشبوو) و وە زۆربەی کات خەڵک توشی کێشە دەکەن.



4- suicide hackers سەر شێتەکان

ئەوانە زیرەکترین هاکەرەکانن بەڵام هەمیشە ئەو زانستەیان بۆ کاری خراپ بەکار دێنن و هیچ سوودێکیان نیە بۆ کۆمەڵگا وە هیچ حسابێک بۆ ئاسایش و پۆلیس و دەوڵەت و یاسا ناکەن و یاسا کەمترین شتە لای ئەوان، هەمیشە مایەی زەرەرن بۆ بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت.

## باسێک لەسەر چۆنیەتی هاکردنی ئامێرە ئەلیکترۆنیەکان.

ئەلیکترۆنیاەکانی  وەک مۆبایلە زیرەکەکان، تابلێتەکان، لاپتۆپەکان و ئامێرە زیرەکەکانی ماڵەوە بوونەتە بەشێکی دانەبڕاو لە ژیانی ڕۆژانەمان، بەڵام لەگەڵ زیادبوونی بەکارهێنانی ئەم ئامێرانە مەترسی هاککردن زیاد دەکات.

هاککردنی ئامێرە ئەلیکترۆنیەکان دەتوانێت چەندین شێوەی هەبێت.

یەکێک لە ڕێگا باوەکان بریتییە لە بەکارهێنانی بەرنامەی زیانبەخش کە نەرمامێرێکی زیانبەخشە کە بۆ دزەکردنە ناو ئامێرێک و دزینی زانیاری یان زیانگەیاندن دروست کراوە.

دەتوانرێت بەرنامەی زیانبەخش لە ڕێگەی چەندین ڕێگەی جیاوازەوە بڵاوبکرێتەوە وەک ئیمەیڵی فیشینگ و ماڵپەڕە زیانبەخشەکان و ئەپەکانی تووشبوو.

ئامێرە زیرەکەکانی ماڵەوە بە تایبەتی بەهۆی پەیوەندیکردنیان و نەبوونی ڕێوشوێنی ئەمنییەوە بەرەوڕووی هاککردن دەبنەوە. هاککەرەکان دەتوانن لاوازییەکانی ئەم ئامێرانە بقۆزنەوە بۆ دەستڕاگەیشتن بە تۆڕی بەکارهێنەرێک و ئەگەری دزینی زانیاری هەستیار یان تەنانەت کۆنترۆڵکردنی خودی ئامێرەکە.

جۆرێکی دیکەی هاککردن لە ڕێگەی بەکارهێنانی «دەرگای پشتەوە»یە، کە خاڵی شاراوەی دەستگەیشتنە لە نەرمەکاڵا یان ڕەقامێر کە ڕێگە بە بەکارهێنەرانی بێ مۆڵەت دەدەن ڕێوشوێنە ئەمنییەکان بەدەر بکەن.

ئەم دەرگا پشتەوەیانە دەتوانرێت بە مەبەست لەلایەن بەرهەمهێنەرانەوە بۆ مەبەستی چاککردنەوە لەناو بەرهەمەکاندا دروست بکرێن بەڵام دەتوانرێت لەلایەن خودی هاکەرەکانەوە زیادبکرێن.

دەرئەنجامەکانی هاککردنی ئەلیکترۆنیاتی بەکاربەر دەتوانێت لە ناڕەحەتی بچووکەوە دەست پێبکات وەک ڕێکلامە بێزارکەرەکانەوە تا پێشێلکارییە ئەمنییەکانی گەورە کە زانیارییە کەسی و داراییەکان دەخاتە مەترسییەوە.

زۆر گرنگە بەکارهێنەران هەنگاو بنێن بۆ پاراستنی خۆیان، وەک بەکارهێنانی وشەی نهێنی بەهێز، هێشتنەوەی نەرمەکاڵاکانیان بە نوێی، دوورکەوتنەوە لە بەستەری گوماناوی یان ئیمەیڵ و بەکارهێنانی نەرمەکاڵای دژەڤایرۆس.

بەگشتی لەگەڵ بەردەوامبوونی گەشەکردنی پشتبەستنمان بە تەکنۆلۆژیا، زۆر گرنگە کە بەرهەمهێنەران ڕێوشوێنی ئەمنی لە پێشی نەدا دابنێن لە پرۆسەی دیزاین و پەرەپێدانی بەرهەمەکانیاندا.

کە باس لە هاک و سکویرتی دەکەین گرنگە زانیاریمان هەبێت دەربارەی تاوانی ئلیکترۆنی ئەوەی گرنگ بێت رۆژانە بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت زیاد دەکات لەگەل هەر زیادبوونێکیشدا مەترسی ئەنجامدانی توانی ئەلیکترۆنی زیاد دەکات .



## تاوانی ئەلیکترۆنی چیە؟

تاوانی ئینتەرنێت یان تاوانی ئەلیکترۆنی (بە ئینگلیزی: Cybercrime) ئاماژەیە بۆ چالاکییە تاوانکارییەکان کە بە بەکارهێنانی تۆڕەکانی کۆمپیوتەر یان ئینتەرنێت ئەنجام دەدرێن. ئەم جۆرە تاوانانە دەتوانن لە هێرشی بچووکەوە دەست پێبکەن، وەک دزینی زانیاری کەسی، تا هێرشی هەماهەنگی بەرفراوان بۆ سەر ڕێکخراوەکان و حکوومەتەکان. هەندێک جۆری باوی تاوانی ئەلیکترۆنی بریتین لە هاککردن، فیشینگ، دزینی ناسنامە، ساختەکاری ئۆنلاین، هێرشکردنە سەر ئەلیکترۆنی و هێرشی بەرنامە زیانبەخشەکان.




CYBER CRIME

هاککەرەکان دەتوانن دەستیان بە زانیارییە هەستیارەکانی وەک زانیاری دارایی یان نهێنی بازرگانی بگات بە دەستڕاگەیشتنی لاوازییەکانی ناو سیستەمی کۆمپیوتەر.

فیشینگ بریتییە لە فێڵکردن لە تاکەکان بۆ ئاشکراکردنی زانیارییە هەستیارەکان بە خۆنمایشکردن وەک یەکەیەکی متمانەپێکراو.

دزینی ناسنامە جۆرێکە لە تاوانی ئەلیکترۆنی کە زانیاری کەسی تاکێک دەدزرێت و بۆ مەبەستی ساختەکاری بەکاردەهێنرێت.

ساختەکاری ئۆنلاین دەتوانێت مامەڵەی دارایی ساختە یان فرۆشتنی کاڵای ساختە لە ڕێگەی بازاڕەکانی ئۆنلاینەوە لەخۆبگرێت.

هێرشکردنی ئەلیکترۆنی بریتییە لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا بۆ هەراسانکردن یان ترساندنی تاکەکان، زۆرجار لە ڕێگەی پلاتفۆرمی سۆشیال میدیاوە.

هێرشی بەرنامە زیانبەخشەکان بریتین لە تووشکردنی سیستەمی کۆمپیوتەر بە نەرمەکاڵا زیانبەخشەکان کە دەتوانێت زیان بە سیستەمەکە بگەیەنێت یان زانیاری هەستیار بدزێت.

تاوانی ئەلیکترۆنی دەتوانێت لێکەوتەی جددی بۆ تاک و ڕێکخراوەکان بە هەمان شێوە هەبێت.

لەدەستدانی زانیاری کەسی دەبێتە هۆی لەدەستدانی دارایی و دزینی ناسنامە، لەکاتێکدا هێرشکردنە سەر بازرگانی و حکوومەتەکان دەبێتە هۆی زیانێکی دارایی بەرچاو و زیانگەیاندن بە ناوبانگ.

بۆ پاراستن لە تاوانی ئەلیکترۆنی، گرنگە ڕێوشوێنی پێشوەختە بگیرێتەبەر وەک جێبەجێکردنی پراکتیزە بەهێزەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی وەک دیواری ئاگر، نەرمەکاڵای دژەڤایرۆس، وشەی نهێنی پارێزراو، نوێکردنەوەی بەردەوامی نەرمەکاڵا، بەرنامەکانی ڕاهێنانی کارمەندان لەسەر هۆشیاری ئاسایشی ئەلیکترۆنی. هەروەها گرنگە تاکەکان وریا بن لە چالاکییە ئۆنلاینەکانیان و زانیاری هەستیار لەگەڵ لایەنە نەناسراوەکاندا هاوبەش نەکەن.

## کەی تاوانی ئەلیکترۆنی سەری هەڵداوە لە کوردستان ؟

وەک لە پێشتردا باسمان کرد تاوانی ئەلیکترۆنی پەیدا دەبێت و سەرهەڵدەدات کاتێک بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت زیاد دەکات و لە ٢٠١٣ بە پێی ئاماروزانیاریەکان کە بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت زیادی کردووە تاوانی ئەلیکترۆنی دەتوانین بلێین بەرێژەیەکی بەرچاو گەشەی کردووە .



## جۆرەکانی تاوانی ئەلیکترۆنی

بەبۆنەی کەمبوونەوەی تاوانە باوەکان، گۆمەڵگا بەرەوپێشچوونی بەرچاوی بەخۆیەوەبینیوە لە تاوانی ئەلیکترۆنیدا، هەروەها چەند جۆرێکی جیاوازی تاوانی ئەلیکترۆنی هەیە کە بریتین لە:

## تاوانەکانی فریودانی دارایی – Financial fraud crimes:

فریودان لەڕێگەی بەکارهێنانی کۆمپیوتەرەوە بریتییە لە بەهەڵە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر بۆ بەدەستهێنان یاخود بوونە هۆی لەدەستدانی شتێک،

فریودان دەبێتە هۆی سوودبینین لەڕێگەی:دەستکاریکردنی ڕێگەپێنەدراو، ئەم ڕێگەیە شارەزایی کەمی دەوێت و ڕێگەیەکی باوە کە فەرمانبەران بەکاریدەهێنن بۆ دزین، کە فەرمانبەرەکان هەڵدەستن بە داغڵکردنی داتای نادروست یان گۆڕینی زانیارییەکان بۆ مەبەستی تاکەکەسی.

گۆڕین، لەناوبردن، شاردنەوە یان دزینی دەرچوویەک (output)، کە ئەم ڕێگەیە بەکاردەهێنرێت بۆ شاردنەوەی ئاڵوگۆڕ یان کڕینی ڕێگەپێنەدراو.

دەستکاری کردن یان سڕینەوەی داتایەک کە پێشتر هەڵگیردرابێت.

چەند جۆرێکی تری فریودان هەیە کە پەیوەندی بە بەکارهێنانی کۆمپیوتەرەوە هەیە وەک فریودانی بانک، بەکارهێنانی نایاسایی کارتی بانکی، دزینی ناسنامە، سیخوڕی کردن هەروەها دزینی زانیای نهێنی.

## تیرۆریزمی ئەلکترۆنی:

تیرۆریزمی ئەلکترۆنی بریتییە لە ئەنجامدانی کارێکی تیرۆریزمی لەڕێگەی بەکارهێنای کەرەستەی ئەلیکترۆنی یاخود سیستمی کۆمپیوتەری، بۆ نموونە بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەی ئەوەی کە (تەقینەوەیەک لە بۆنەی فڵاندا ڕودەدات) بە تیرۆریزمی ئەلکترۆنی دادەنرێت، هەروەها چەند چالاکییەکی هاککردن هەیە کە دووچاری کەسێک یان خێزانێک دەبێتەوە، کە لەلایەن کۆمەڵە کەسێکەوە ئەنجام دەدرێت بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی ترس و دەرخستی تونا و هێز، ئەمەش بەهەمان شێوە پێیدەوترێت تیرۆریزمی ئەلکترۆنی.

تیرۆرستی ئەلیکترۆنی بریتییە لە کەسێک کە وا دەکات لە کەسێک یان ڕێخراوێک بە بەگوێکردن و ئەنجامدانی ئەو کارانەی کە دەیەوێت لەڕێگەی بەکارهێنانی هێرشی ئەلکترۆنییەوە بۆ بەدەستهێنانی ئەو زانیارییانەی کە لە نێتۆرک یان کۆمپیوتەری کەسەکە یان ڕێخراوەکەدا هەیە.

## هەڕەشەی ئەلیکترۆنی – Cyberextortion

هەڕەشەی ئەلیکترۆنی کاتێک ڕوودەدات کە وێب سایتێک یان خزمەتگوزارییەکی ئیمەیڵ یان کۆمپیوتەر سیستمێک هەڕەشەی لێدەکرێت یان هێرشی دەکرێتەسەر بە بەکارهێنانی هێرشی نەهیشتنی خزمەتگوزاری (DOS Attack).

کە تێیدا هاکەرەکان داوا لە کۆمپانیا یان کەسەکە دەکەن کە پارەیان پێبدات لەبەرامبەر ناهێشتنی هێرشەکە یان بە بیانووی پارێزگاریکردن لێیان، بەپێی وتەکانی (FBI) هەڕەشەکانی ئەلیکترۆنی لە زیادبووندایە و مانگانە زیاتر لە 20 کەیس تۆماردەکرێت.

هاککەران زیاتر هێرشی نەهێشتنی خزمەتگووزاری ( Denial of service attack – DOS) بەکاردەهێنن، بەڵام هێرشی تریش بەکاردێت وەک (doxing) کە بریتییە لە بڵاوکردنەوەی داتا و زانیارییە تایبەتەکانی کە لە وێب سایت و داتابەیسەکاندا هەڵدەگیرێت، نموونەی هەڕەشەی ئەلیکترۆنی بریتییە لەو هێرشەی کە لە ساڵی 2014 کرایە سەر کۆمپانیای پلەی ستەیشن.

## مامەڵەکردنی سێکسی ئەلیکترۆنی:

مامەڵەکردنی سێکسی ئەلیکترۆنی (بە ئینگلیزی: Cybersex trafficking) بریتییە لە گواستنەوەی قوربانیان و پاشان بڵاوکردنەوەی گرتەی ڤیدیۆییان کە کاری نەشیاو دەکەن یان دەستدرێژییان دەکرێتە سەر. لەم شێوازە مامەڵەکردنەدا ئەو کەسانەی کە تاوانباران مەبەستیانە دەڕفێنرێن هەڕەشەیان لێدەکرێت و هەڵدەخەڵەتێنرێن پاشان دەگوازرێنەوە بۆ شوێنێک کە پێیدەوترێت حەشارگەی سێکسی ئەلیکترۆنی (بە ئینگلیزی: cybersex dens) ئەم حەشارگانە دەکرێت لە هەر شوێنێکدا بن کە تاوانباران دەیانەوێت، هەروەها ئەم حەشارگانە پڕن لە کەرەستەی ئەلیکرۆنی وەک کۆمپیوتەر، تابلێت و مۆبایک هەروەها هەمیشە ئەم شوێنانە هێڵی ئینتەرنێتیان هەیە کە هێرشکەران بەکاریدەهێنن بۆ بڵاوکردنەوەی گرتە ڤیدیۆییەکان لە تۆڕەکاندا، وەک ماڵپەڕەکانی سۆشیال میدیا، کۆنفرانسە ڤیدیۆییەکان، پەڕەکانی ژوانبەستن هەروەها وێب سایتەکانی (وێبی ڕەش – dark web)، تاوانبارەکان و پلان داڕێژەرانی ئەم جۆرە کارە دراوی ڕەمزی (Cryptocurrency) بەکاردەهێنن بۆ وەرگرتنی پارەکانیان، چونکە دراوی ڕەمزی ناسناوی کەسەکە دەشارێتەوە و بە نهێنی دەمێنێتەوە.

نموونەیەکی مامەڵەکردنی سێکسی ئەلیکترۆنی بریتییە لە کەیسی ( Nth room case) لە کۆریای باشوور.

## جەنگی ئەلیکترۆنی:

وەزارەتی بەرگری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئاگاداری ئەوەیە کە بواری ئەلیکترۆنی و ئینتەرنێت گەیشتووەتە ئاستێکی مەترسیدار و پێویستە لەژێر چاودێریدا بێت، چونکە وڵاتان دەتوانن وەک چەکێک بەکاریبهێنن، یەکێک لە نمونەکان بریتییە لە هێرشی ئەلیکترۆنی کە لەلایەن ڕووسیاوە کرایە سەر ژێرخانی ویلایەتی ئێستۆنیا لە ساڵی 2007، بۆیە شارەزایان لەوە دەترسن کە ئەم جۆرە هێرشانە لە داهاتوودا ببنە شتێکی ئاسایی لەنێوان وڵاتاندا کە ئەمش ئەگەری هەیە ببێتە هۆی دروستبوونی جەنگی سەربازی لەنێوان وڵاتەکاندا.



لەگەڵ باسکردنی تاوانی ئەلیکترۆنی و باسکردنی هەندێک لە جۆرەکانی تاوانی ئەلیکترۆنی لەسەرەوە زۆر بە کورتی ناوی dos هێندراوە گرنگە کە کتێبەکەمان لەسەر سکویرتیە باسێکی باوترین هێرشی ئەلیکترۆنی بکەین .

## هێرشی دۆس چیە؟

هێرشی دۆس کە لە ئینگلیزیدا بە (Denial-of-Service) ناسراوە جۆرێکە لە هێرش کە لەلایەن تاکە کەسێکەوە یاخود چەندکەسێک -کە ڕەنگە هەنێکیان بەبێ ئاگاداری خۆیان بەکاربهێنرێت- بکرێتە سەر جیهانی ئینتەرنێت بەمەبەستی زەرەرگەیاندن بە ماڵپەر،سێرڤەر یان دامودەزگایەک کە دەبێتە هۆی وەستاندنی خزمەتگوزاریەکەیان جا هەندێکیان کاتین وە هەندێکیشیان هەتاهەتایین.



ئەمەش بەهۆی بەکارهێنانی کۆمپیوتەرێک یاخود چەند کۆمپیوتەرێک دەکرێتە سەر سەرچاوەکە لە ڕێگەی ناردنی چەند داواکریەکی زۆر بەمەش سەرچاوەکە بەهۆی نەبوونی توانای پێویستەوە دەکوژێتەوە و لەکاردەکەوێت وە پێویستی بە دووبارە چاکردنەوە هەیە بۆ ئەوەی بکەوێتەوە کار، زۆرکەس ئەم هێرشانە وەکو هۆکارێک بۆ گەیاندنی دەنگی ناڕازی دەبینن بەڵام بەکارهێنانی زیاتر بۆ مەبەستی ئاژاوەگێڕی وهەروەها تێکدان و زەرەردانە.

## چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەم هێرشە!

ئەنجامدانی ئەم هێرشە ڕەنگە بەهۆی تاکە کەسێکەوە یاخود چەندکەسێکەوە بکرێت ئەمەش پشتبەست بە توانای سەرچاوەکە دەوردەبینێت کە ئایا بەهۆی چەند هێرشەوە لەکاردەکەوێت.

ئەگەر هاتوو هێرشەکە تاکە کەسی بێت کە پێی دەوترێ (Denial-of-Service) کەسی هێرشکەر هەڵدەستێت بە دۆزینەوەی ناونیشانی پرۆتۆکۆڵی ئینتەرنێتی سەرچاوەکە پاشان بە هۆی پارچە ئامڕازێکەوە یاخود نەرمەکاڵایەکەوە هەڵدەستیت بە ناردنی چەند داواکاریەکی لەڕادەبەدەر (هەڵبەت ئەمە جۆرێکە لە جۆرەکانی هێرشی دۆس شەرت نیە هەموویان هەمان میکانیزم بەکاربهێنن) پاش ئەوەی ئەم داواکاریە زۆرانە نێردرا،

سەرچاوەکە ڕەنگە لە توانایدا نەبێت وەڵامی ژمارەیەکی هێجگار زۆری وەها بداتەوە (ئەمەش بەندە لەسەر توانای سەرچاوەکە هەروەک باسمان کرد) پاشان سەرچاوەکە دەکوژێتەوە و لەکاردەکەوێت کە هەندێ جار ڕەنگە ببێتە هۆی سووتان و تێکچوونی تەواوەتی سەرچاوەکە.

هەندێجار بەهۆی هەبوونی سەرچاوەیەکی بەتواناوە ڕەنگە ئەو هێرشانەی لەلایەن یەک ئامێرەوە دەنێرێت نەتوانێت ئەم هێرشە سەرکەوتووبکات بۆیە پانا دەبرێتە بەر بەکارهێنانی ئەمێری زیاتر وە پێی دەوترێت ( Distributed Denial-of-Service) کە ڕەنگە کەسەکان بە خواستی خۆیان ئەم هێرشە بکەن و ڕێکەوتبن وە هەندێک جاریش لەلایەن جۆریک لە پرۆگرامۆکەوە دەکرێت کە کۆدی کیناوی لە خۆ گرتووە (هەندێکیان پێیان دەوترێ بوتنێت 'Botnet') و لەنێو چەند کۆمپیوتەرێک کە هی کەسانێکن کە ڕەنگە لەم کارانەش نەزانن بەڵام کۆمپیوتەرەکانیان بۆتە هۆکارێک بۆ ئەم هێرشە بۆیە کۆمپیوتەرەکانیان دەچنە بارێکەوە کە پێی دوترێ (Zombie) واتە ئەو کەسەی کە خاوەنی ئەو پرۆگرامۆکەیەیە و لەناو کۆمپیوتەرەکاندا چاندویەتی دەتوانێ فەرمان بەو (Zombie) یانە بکات بۆ ئەوەی هێرش بکەنە سەر سەرچاوەیەکی دیاریکراو کە ئەمانیش هەمان میکانزم بەکاردەهێنن و هەڵدەستن بە ناردنی چەند داواکاریەکی زۆر و پاشان سەرچاوەکە بەهۆی هەبوونی بارێکی (Load) زۆرەوە لەکاردەکەوێت.

## سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم هێرشە:

سەرهەڵدانی ئەم هێرشە ئەوەندە کۆن نیە بەڵکو لەگەڵ پەیدابوونی یەکەم ماڵپەر کە لەلایەن دروستکەری پرۆتۆکۆڵی هایپەرتێکست ( HyperText Transfer Protocol) ەوە

کە تیم بێرنەرس-لیی (Tim Berners-Lee) کە لە سەرەتای ساڵەکانی ٩٠-دەکانی سەدەی ڕابردوو سەریهەڵدا وە یەکەم هێرشیش لەلایەن ڕایەڵەیەکی ئیتاڵیەوە لە ساڵی ١٩٩٥ دا کرایە سەر دەزگاکانی فەرەنسا بەمەبەستی نارەزای دەربڕین سەبارەت بە بابەتی (چەکی ئەتۆمی) وە ئەمە بە یەکەم هێرشی ئەلیکترۆنی دۆس دادەنرێت لە مێژوودا، پاشان لەلایەن ڕێکخراوی (Electronic Disturbance Theater) پارچە ئامرازێکیان پێشخست کە ناویان لێنا (FloodNet) هەستان بە هێرشکردنە سەر چەند ماڵپەرێکی سیاسی ئەمریکی پاشانیش هێرشیان کردە سەر ماڵپەری کۆشکی سپی ئەمریکا.

ئەمانە بە سەرەتایەک بۆ ئەم هێرشە ئەلیکترۆنیە دادەنرێن لە مێژوودا.

## جۆرەکانی هێرشی دۆس

جۆرەکانی هێرشی دۆس بەپێی میکانیزمی هێرشەکە دەگۆرێت بە شێوەیەکی گشتی ئەم جۆرانەمان هەیە لە هێرشی دۆس:

١– UDP Flood: ئەم جۆرە لە هێرشی دۆس کار لە پرۆتۆکۆڵی داتاگرامی بەکارهاتوو (User Datagram Protocol)، ئەم ڕێگایە لە هێرشی دۆس هەڵدەستێت بە ناردنی بەلێشاوی پاکێتی (UDP) لە چەند دەرکە (Port) ێکی هەڕەمەکی هێرشکەرەکەوە و کاتێک ئەمانە دەگەنە سێرڤەرەکە وا لە سێرڤەرەکە دەکەن کە بەشێوەیەکی دووبارە بۆ جۆری پرۆگرامۆکەکە بکات هەتاکو بزانێت چ پرۆگرامۆکەیەکە بەڵەم هیچ پرۆگرامۆکەیەک نادۆزێتەوە بۆیە هەڵدەستێت بە وەڵام دانەوەی بە پاکێتێک لە جۆری (ICMP) دووبارە بوونەوەی ئەم پرۆسەیە دەبێتە هۆی خاوبوونەوە و لەدەستدانی توانای سێرڤەرەکە بۆ وەڵام داناوە.

٢- ICMP (Ping) Flood: تا ڕادەیەک میکانیزمەکەی نزیکە لە جۆری UDP Flood ـەوە، ICMP Flood هەڵدەستێت بە تێکشکاندنی سەرچاوە بەهۆی ناردنی چەند پاکێتێکی داواکاری پینگ (Ping)، ئەم پاکێتانە بە شێوەی خێرا ئەنێردرێن بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی وەڵامی سێرڤەرەکە بکات. ئەم جۆرەش لەهێرش هەرڵدەستێت بە بەرزکرد هەردوو باندویدث (Bandwidth) ی هاتوو و ڕۆیشتوو، وە لەبەرئەوەی سێرڤەرەکە هەوڵئەدات کە وەڵامی پاکێتە پینگەکان بداتەوە ئەمە وایلێدەکات کە خاوبێتەوە و وەڵامدانەوەی نەمێنێت.

٣- SYN Flood: ڕێگای SYN Flood هەڵدەستێت بە قۆستنەوەی هەڵەی زنجیرەکەنای پەیوەندیدار بە TCP ـەوە، سەرەتا ئەوە ئەبێت بزانین کە شێوازی کارکردنی TCP بریتیە لە ناردنی پاکێتێک لە SYN پاشان سێرڤەرەکە وەڵامت دەداتەوە بە پاکێتێک لە SYN-ACK پاشان بەکارهێنەرەکە ACK ئەنێرێتەوە بۆ سێرڤەر، لەم بارەدا هێرشەکەرەکە هەڵدەستێت بە ناردنی چەند پاکێتێکی SYN بەسەر یەکەوە پاشان لەکاتی گەشتنی ئەم پاکێتانە بۆ سێرڤەرەکە ناگاتەوە دەست نێردەرەکە چونکە یان ئەوەتا گوێ بەوەڵام دانەوەی سێرڤەرەکە ناگرێ یان ئەوەتا پاکێتەکە لە پۆرتۆکۆلێکی ئینتەرنێتی ساختەوە نێردراوە بۆیە پەیوەندیەکە دروست نابێ..

## چۆنیەتی پاراستن لەدەست ئەم هێرشە:

هەروەک ئاماژەمان پێدا ئەم جۆرە لە هێرش بە زۆری کار دەکات بە ناردنی ژمارەیەکی زۆر لە پاکێت بۆ وەستاندنی ئەم هێرشە، چەند جۆرە ئامرازێک هەن هەروەها دەتوانین کە دیواری ئاگرین (Firewall) بەکاربهێنین بۆ ناسینەوەی ئەم پاکێتانەوە و دڵنیا بوونەوەیان لێی کە ئایە ئەمانە پاکێتی راستەقینەن یاخود ساختەن وە بەرچاوترین دیواری ئاگرین بریتیە لە (CloudFlare) وە هەروەها (Incapsulia) کە هەڵدەستێت بە پاراستنی سیرڤەرەکە ئەویش بە داپۆشینی IP ی سێرڤەرەکە بە IP یەکی تایبەت بە دیوارە ئاگرینەکە بۆیە هەرکاتێت تۆ هەڵدەستیت بە ناردنی داواکاری بۆ سایتەکە دیوارە ئاگرینەکە هەڵدەستێت بە لێکۆڵینەوە لە داواکاریەکە ئەگەر هاتوو ڕاستەقینە نەبوو ئەوا هەڵدەستێت بە بلۆک کردنی بۆیە چیتر نەتوانێ داواکاری تر بنێرێتەوە.

گرنگە کە باس لە تاوانی ئەلیکترۆنی دەکەین باسێکی کورتی ئەو جێگایە بکەین کە سەرچاوەی سەرەکی تاوانە ئەلیکترۆنیەکانە و زۆرترین و هەمەجۆرترین جۆری تاوانی تێدا ئەنجام دەدرێت .




## دارک وێب چییە ؟

وێبی تاریک یاخود دارک وێب (بە ئینگلیزی: Dark web) بریتییە لەو بەشەی تۆڕی جاڵجاڵۆکەی جیهانی کە لە دارک نێت و نێتۆرکە چینداڕەکاندا هەیە، دارک وێب ئینتەرنێت بەکاردەهێنێت بۆ کارکردن بەڵام بۆ چوونە ناوی پێویستی بە نەرمەواڵە و ڕێگەپێدانی (authorization) تایبەت هەیە کە هەموو کەسێک بە ئاسانی ناتوانێت بڕواتە ناوی، لە دارک وێبدا کۆمپیوتەرەکان پەیوەندی تایبەت و شاراوە هەیە لە نێوانیاندا کە هەر کارێک ئەنجامیدەدەن بە نهێنی دەمێنێتەوە.

دارک نێت بەشێکی بچووک لە دیپ وێب پێکدەهێنێت، ئەویش ئەو بەشەی ئینتەرنێتە کە لە بزوێنەرەکانی گەڕاندا تۆمار نەکراون.

دارک نێتەکان کە بەشێکی دارک وێبن پێکدێن لە نێتۆرکی بچووکی پەیوەندی تاک بۆ تاک (peer–to–peer)، هەروەها نێتۆرکی گەورەشی تێدایە وەک تۆڕ، فری نێت، ئای 2 پی و هەروەها ڕیفڵ، کە ئەم نێتۆرکانە لەلایەن ڕێکخراو یان تاکە کەسێکەوە بەڕێوەدەبرێن.

بەکارهێنەرانی دارک وێب زیاتر دەستەواژەی وێبی پاک یاخود کلێر نێت بۆ وێبی ئاسایی بەکاردەهێنن چوونکە هەموو کەس دەتوانێت بڕواتە ناوی و بەکاریبهێنێت.



## باسێکی دەستەواژەی دارک وێب .

دەستەواژەی دارک وێب زۆر جار لەگەڵ دیپ وێبدا تێکەڵ دەکرێت، کە بریتییە لەو بەشانەی ئینتەرنێت کە لە بزوێنەری گەڕانەکاندا نادۆزرێنەوە، دەستەواژەی دارک وێب یەکەمجار لە ساڵی 2009دا دەرکەوت بەڵام تا ئێستا نەزانراوە کە یەکەمجار کەی خودی دارک وێب دروستبوو، زۆربەی بەکارهێنەران ئینتەرنێت وێبی ئاسایی بەکاردەهێنن کە لەڕێگەی وێبگەڕی گوگڵەوە دەتوانرێت داغڵی هەموو وێب سایتەکان ببیت، بەڵام دارک وێب بەشێکی بچووکی دیپ وێب پێکدەهێنێت کە تەنها لەڕێگەی چەند نەرمەواڵەیەکی تایبەتەوە دەتونرێت پێکهاتەکانی ناوی ببینرێت و بەکاربهێنرێت.

دارک وێب کە ناسراوە بە وێبسایتەکانی دارک نێت تەنها لەڕێگەی چەند نێتۆرکێکی تایبەتەوە بەکاردەهێنرێت وەک نێتۆرکی تۆر ( The Onion Routing) کە بەتایبەتی بۆ دارک وێب دروستکراوە، وێبگەڕی تۆڕ زۆر بەکاردەهێنرێت لەلایەن بەکارهێنەرانی دارک وێبەوە کە بە دۆمەینی (onion.) دەناسرێتەوە.



وێنەی (onion.) براوسەر کە بەکاردێت بۆچونەناووێبسایتی دارک وێب.

## ناوەڕۆکی دارک وێب

لە مانگی 12ی ساڵی 2014دا توێژینەوەیەک ئەنجامدرا لەلایەن گارێث ئۆوێن لە زانکۆی پرۆتسمث، تێیدا دەرکەوت کە زۆرترین بابەتی بڵاوکراوە لە تۆڕدا بریتیبووە لە پۆرنۆگرافی منداڵان، پاشان لەدوای ئەو بازاڕی ڕەش، هەروەها لە نێتۆرکەکەدا چەندین وێب سایتی سیخوڕی و فۆڕمی گفتوگۆی سیاسی تێدابووە لەگەڵ چەندین وێب سایتی بیتکۆین و ئیمەیڵ، لە ساڵی 2020دا ژمارەی وێب سایتەکانی تۆر (onion.) خەملێنراوە بە 76،300 وێبسایت.

کۆمەڵێک جۆری جیاوازی تاوان لە دارک وێبدا ئەنجام دەدرێت وەک ئەمانەی خوارەوە وریژەی تاوانەکە ن و ئاماژەی پێکراوە زانیاریەکەم لە سایتی کوردی زانیاریەوە وەرگرتوە ئاماژە بە جۆری تاوانەکان دەکەین کە ئەنجام دەدرێت .

| هاک | ریژە |
|---|---|
| قومارکردن | ٠.٤ |
| چەک | ١.٤ |
| گفتوگۆ (چات) | ٢.٢ |
| توندوتیژی | ٢.٢ |
| ماددەی هۆشبەر | ١٥.٤ |
| پێرستی وێب | ٢.٥ |
| بڵۆگ | ٢.٧٥ |
| پۆڕن | ٢.٧٥ |
| ساختەکاری | ٥.٢ |
| سیخوڕی و ئاشکراکردن | ٥.٢ |
| Fraudهەڵخەڵەتاند | ٩ |
| کڕین و فرۆشتن | ٩ |
| هاککردن | ٤.٢٥ |

دارک وێب ماڵپەرێکی زۆر گەورەیەو ناتوانین لێرەدا باس لە گەورەیی و فراوانی ئەو وێبسایتە بکەین بۆیە زۆر دێژە بە بابەتی دارک وێب نادەین هەوڵدەدەین چەند زانیاریەکی کەم و پێویست بدەین بە خوێنەران دەبارەی هەر بابەتێک.



گرنگترین بەش خۆپاراست و هۆشداری دانە بۆ زیاتر وریا بوو ن و خۆپاراست لە دەستی ئەو کەسانەی دەیانەوێت داتا و زانیاریەکانمان ببەن لەبەر ئەوەی بردنی زانیاری زۆر مەترسیدار ترە لە بردنی دارای و هەندێک جار بردنی زانیاریە کەسەکان تووشی کێشەی گەورەمان دەکا تو پێویستە بزانین ئەگەر ئێمە هەموو رێگاکان بە باشی

جێبەجێ بکەین شتێک نیە بە ناوی هاک و بردنی زانیاری.

## رێنمایی بۆ دانانی پاسوۆردی بەهێز

"دڵنیابە لە دەستنیشانکردنی وشەیەکی تێپەڕی بەهێز"

ئەمە ئەو ئامۆژگاریەیە کە هەموومان دەیبینین لەکاتی دروستکردن یان تۆمارکردنی یەکێك لە هەژمارەکانمان لە ئینتەرنێتدا، بۆ ئەوەی پاسوۆردێکی بەهێز دابنێیت ئەوە ئەم رێنماییانە جێبەجێ بکە:

1- رێگەی کلاسیکی: واتە لە 12 پیت کەمتر نەبێت، لەڕاستیدا هیچ ئاستێك دیاری نەکراوە بۆ درێژی وشەکان تا ببێتە هۆی بەهێزبوونی پاسوۆردەکان، بەڵام هەتا وشەکان زیاتر بن، ئەوە پاسوۆردەکە بەهێزتر دەبێت.

2- لەکاتی دانانی پاسوۆردەکە، پیتەکان بەهەردوو شێوەی گەورەو بچوك بنووسە، هەروەها بەکارهێنانی شێوازی جۆراوجۆر لە پیتەکان، دەبێتە هۆی ئەوەی کە پاسوۆردەکە بەهێزتر بێت و بەئاسانی نەشکێنرێت.

3- پشت بە ئاماژەی روون مەبەستە: بۆنموونە کاتێك دەتەوێت بنوسیت H0us ، ئەوە دانانی ژمارە 0 لە بری پیتی O دەبێتە هۆی ئەوەی کە هاککەرەکان بەئاسانی بیشکێنن، چونکە ئەم ژمارەو پیتە لەیەکەوە نزیکن.

4- دووربکەوەرەوە لە وشەو ئاماژەی بەربڵاو: هەرگیز ئەو وشانە بەکارمەهێنە کە کەسانی تر دەیزانن وەك، ناوی منداڵەکانت، یان ژمارەی تابلۆی ئۆتۆمبێلەکەت، هەروەها پێویستیش ناکات رێنماییت بکەین کە ژمارە بەدوای

یەکەکان نەنووسیت وەك 1234. هەروەها کۆمەڵێك ئەپلیکەیشن و بەرنامە هەیە کە بەسوودە بۆ بەڕێوەبردنی وشە تێپەڕەکانت، باشترین بەرنامەش بەرنامەی Dashlane کە بەکارهێنانی زۆر ئاسانەو لەگەڵ هەموو سیستمەکانیشدا کارایە.

## چۆن وشە تێپەڕەکان (پاسوۆرد)بیردەکەوێتەوە؟

لەڕاستیدا یاسایەکی جێگیر نیە کە وشە تێپەڕەکانت بیربخاتەوە، بەڵکو ئەمە پەیوەندی بە توانای ئاستی بیرەوەری خودی مرۆڤەکانەوە هەیە. بەڵام پسپۆران ئاماژە بە دوو ڕێگە دەکەن بۆ بیرنەچونەوەی پاسوۆردەکان، کە یەکەمیان بریتییە لە بەکارهێنانی بەرنامە بۆ بەڕێوەبردنی پاسوۆردەکەت، وەك لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا.

ڕێگەی دووەمیشیان دەتوانێت وشە تێپەڕەکانت ببەستیتەوە بە چیرۆکێك یان هەر نموونەیەکی تر کە بتوانیت بەهۆیەوە وشەکەت بیربکەوێتەوە، لەوەیە ئەمکارە بە نامۆ بزانن بەڵام لەڕاستیدا یەکێکە لە هۆکارە باشەکان بۆ بیرنەچوونەوەی وشەکان.

## ئەو هەنگاوانە چین بۆ ئەوەی پارێزراوبیت؟

١- دوور بکەوە لە دانانی یەك جۆر پاسۆرد بۆ ئەکاونت، واتا هەر ئەکاونتێك پاسۆردێکی جیای هەبێت .

٢- دووبکەوە لە بەکارهێنانی ناوی خۆت لە پاسۆردا، پاسۆردەکەت لە ١٢ وشە کەمتر نەبێت وە پێکهاتبێ لە ( وشە - ژمارە -هێماکان وەك $&!؟@) .

*ئەم دوو هەنگاوە لە سەرەوەشدا زۆر بە باشی ئاماژەمان پێ داوە

٣–دانانی ژمارە موبایل یاخود ئیمێل وەك ریکۆڤەری(Recovery). لە رێگای ریکۆڤەریەوە دەتوانین ئەکاونتەکەت بپارێزی وە دەتوانی دووبارە بەدەستی بهێنیەوە.

٤–دوور بکەونەوە لە دانانی ئەکاونت یاخود ئای کلاود لە شوێنە گشتیەکان.

٥– هەمشە هەولبدە ئەکاونت و بەرنامەکانت ئەپدەیت بکەیتەوە چونکە لەگەل هاتنی ئەپدەیتی تازە سکویرتی باشتر بۆ بەکار هێنەر دابین دەکرێت.

٦- وریابە دەربارەی ئەو تۆرەی network ی داخلی دەبیت دلنیا بەرەوە کە پارێزراو دەبیت تێیدا .

٧-ئاگاداربە لەبارەی هەر لینکێک کە کلیکی لێدەکەیت بۆ داخل بوون پێش ئەوە دلنا بەرەوە لێی .

٨-ئەو بەرنامانە لە مۆبایلەکەت یان ئەو ئامێرە زیرەکی رۆژانە بەکاری دەهێنیت دامەگرە کە پێویست نین و بە کاری ناهێنیت.

٩- ئاگاداربە لە بارەی هەر ئیمەیلێک کە بۆ ت دێت رەنگە متمانە پێکراو نە بێت هەر لەگەل کردنەوەوە ی ئیمەیلەکەدا داتاو زانیاریەکانت بروات ئەمە لە کاتێک دایە ئەگەر تۆ جوابی ئیمەیلەکەش نەدەیتەوە کەسی هاکەر دەتوانێت داخلی سیستەمەکەی تۆ ببێت .

١٠–بەکارهێنانی فایەر وال firewall device بەکار دێت وەک بەر بەستێک بۆ ئەوەی زیاتر پارێزراو تر بیت کە بە شێوەی هاردوەیر و سۆفتوەیریش بەردەستە .sw/hw

١١–بەکار هێنانی دژە ڤایرۆس anti –virus بۆ ئەو ئامێرانەی کە بەکاری دەهێنین .

١٢– خالێکی تر کە زۆر گرنگە ئاماژەی پێ بدەین پێویستە لەسەر دایک و باوکان هۆشداری بدەنە منداڵەکانیان دەربارەی سکویرتی بۆ ئەوەی تاکەکان هۆشیار بن دەربارەی ئەم بابەتە گرنگە چونکە وەک دیارە لە سەردەمی ئێستەدا منداڵانیش بەشێکن لە بەکارهێنەرانی ئامێرە زیرەکەکان و ئینتەرنێت .

ئاماژە بەم بابەتە گرنگانە دەدەین دەربارەی منداڵەکانمان

## ++چۆن منداڵەکەم لە هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی و تاوانی سایبەر بپارێزم؟

پێویستمان بە چەند قۆناغێکی هۆشیار کردنەوە هەیە، کە دەبێت لەلایەن منداڵ و گەنجانەوە بزانرێت بۆ ئەوەی نەبنە قوربانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی، وەک ئەم خاڵانەی خوارەوە:

1- فێرکردنیان بۆ ئەوەی زانیاریە تایبەتیەکان، وەک پاسوۆرد لەسەر ئینتەرنێت بڵاو نەکەنەوە.

2- مرۆڤ ئەگەر نزیکیش بێت، ئەگەر لەناو ستانداردەکاندا نەبێت، راز، وێنە و ڤیدیۆی خۆیان بلاو نەکەنەوە.

3- پێش زیادکردنی یان قەبوڵکردنی هاوڕێیەتی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، ڕەتکردنەوەی داوای هاوڕێیەتی کەسانی نەناسراو و ناپەیوەندار، پێویستە بە هەستیاریەوە بیر بکەینەوە.

4- هۆشیاریان پێ بدەن، کە نەکەونە پەیوەندیەوە یان نەگەنە زنجیر و ڕێکلامەکانی لەسەر ماڵپەڕەکان زۆرن. چونکە زۆریان تەڵەی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنین.

5- ئاگایان لە شتە کەسیەکان هەبێت، یان زانیارییە خێزانییەکان بلاو نەکەنەوە.

6- چاودێری و بەدواداچوون یەک لە هەناوە هەرە گرنگەکانە، کە بەر بە گوشار و هەراسانکردنی منداڵان

لەرێگای ئەلیکترۆنیەوە دەگرێت، بۆ پاراستن بەرزکردنەوەی ئاستی سانسۆر بەرز بکرێتەوە، بۆ ئەوەی هەموو ئەو ماڵپەڕانەی کەوا منداڵ بەدیاریەوە دادەنیشێت یان بەکاری دەهێنێت بە فلتەرەکاندا بڕوات.



## ++ ئەگەر منداڵەکەم بکەوێتە بەر هەڕەشەی ئەلیکترۆنی چی بکەم؟

ئەگەر منداڵەکانتان چ کچ بێت یان کوڕ لەگەڵ هەموو هەوڵدانەکانتان بۆ پاراستنی، بەڵام ببێتە قوربانی، ئێوە چی دەکەن؟ ئەو رێنمایی و رێکارانە دەکرێت بۆ ئێوە و منداڵەکانتان پێویست بن:

1- گوشارەکان چەندە توندبن یەکسەر پەیوەندی بە هەراسانکارەوە ببڕە.

2- بۆ هەراسانکار سەر نەوی مەکە، هیچ بڕە دراوێکی پێ مەدە. چونکە کەسی هەراسانکار لە کۆتاییی دا دز و تاوانبارێکە، ئەو لە گوشار بۆهێنان بەردەوام دەبێت لەوەی داوای پارە بکات، ئەگەر جاری یەکەم هەست بە قەڵس بوونی ئێوە بکات.

3- هیچ جارێک هەوڵ مەدەن لە چەند هۆکارێکەوە یان لە چەند کەسێکەوە داوای هاوکاری بکەن بۆ ئەوەی بچنە نێو حسابی هەراسانکارەوە، لەنێویاندا:

- هەراسانکار هەدەم سەربە چەتەیەکی گەورەوە هەیە و بایی ئەوە تەکنیکی داخیلبوونیان هەیە.

- ڕەشکارەکە لە ڕێگەی حسابی ساختەوە پەیوەندیتان لەگەڵ دادەنێت، و بەو شێوەیە هاککردنی ژمارە حسابیەکەشی کاریگەری لەسەر ئەو ناکات و ئەوکانتێک یان حیسابێکی ساختەی نویٚ دروست دەکات بۆ ئەوەی دیسان دەست بە هاراسانکردن بکات.
- ئێوە دەتوانن ئەو کەسانەی کەوا لەرێگای ڕەشکردنەوە لەنێو تەنگەتاویدا هاوکاری ئێوەیان کردووە بکەن و بەو شێوەیە ئەوان بخەنە مەترسی یەوە.

4- ئەگەر ڤیدیۆیەکی ناشایستەی ئێوە یان منداڵەکانتان تۆمار کرا و دۆبلاژ کرا و بەوهۆیەوە هەڕەشەکرا، دەستبەجیٚ لینکی ئەو ڤیدیۆیە بە کەس و بەرپرسانی شارەزا بدەن تاوەکو لای بدات (دیلیت) و نەیهێلێت. کە جارێکی دیکە ئاسان نابێت بۆی لەو رێگایەوە ڤیدیۆکە

بلاو بکاتەوە، دەتوانن لە ڕێگای کەسانی پەیوەندار و شارەزاوە داوای هاوکاری لەبەرامبەر تاوانە ئەلیکترۆنیەکان بکەن.

- فەیسبوک
- سکایپ
- واتس ئاپ
- ڤایبەر
- ئیمەیل
- تویتەر
- سناپ چات
- تیکتۆک و ..هتد.

5- یەکەی بەرەنگاربوونەوەی تاوانەکانی سایبەر ئاگادار بکەنەوە، بۆ ئەوەی لێپرسینەوەی لەوبارەوە دەست پێ بکەن و مافیاکانی تاوانە ئەلیکترۆنی یەکان دادگایی بکرێن.

6- ئامانجی هەراسانکار لە زۆربەی ئۆپەراسیۆنەکاندا دارایی یە و لەگەڵ کەسانی دەرەوەی وڵاتەکەتە. چونکە ئەوان گرووپی رێکخراون، لەبەر ئەوە پەیوەندیان لەگەڵ دامەنێ و هەوڵنەدەن کەوا بێڕێزی بەرامبەر هەراسانکار بکەن بۆ ئەوە ئامانجەکەی نەبێتە تۆڵە سەندنەوە.



لەگەڵ زۆربوونی رێژەی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت و مەترسی لەسەر زانیاریە دیجیتالیەکان، ئیش بە چەند یاسایەك دەکرێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی لەم تاوانانە، ئەم

یاسایانەش بە پێی جۆری تاوەنەکە یاخود ئەو ناوچەی تاوانەکەی لێ ئەنجام دەدرێت دەگۆردرێن ئەمەش وایکردوە کە پەرلەمانی عێراق پڕۆژەیاسایەك ئامادەبکات دژ بە ئەو کەسانەی هەوڵدەدەن یان هەڵدەستن بە دزە پێکردنی زانیاری کەسی ، لەم پڕۆژە یاسایەدا هاتوە کە هەر کەسێك هەوڵبدات بەچونە ناو مەسیجەر یان ئیمێلی هەر کەسێك لە 1 ساڵ بۆ 3 سال زیندانی دەکرێ وە بە بڕی یەك ملیۆ بۆ سێ ملیۆن غەرامە دەکرێت .

لە بەشێکی تری پڕۆژە یاساکەدا هاتوە ئەگەر کەسەکە هەوڵبدات یان هەستابێت بە هاکردنی وەزارەتی بەرگری دەوڵەت یان هەر دەزگایەکی تری دەوڵەت لە ٧سال بۆ 10 سال زیندانی دەکرێت وە بە بڕی 5 ملیۆن بۆ 10 ملیۆن غەرامە دەکرێت .

لەکۆتا برگەی پڕۆژە یاساکە هاتوە ئەگەر بێتوو کەسی تاوانبار هەلسێت بە بەکارهێنانی زانیاری شەخسی بۆ مەبەستی هەرەشە پێکردن لە کەسی بەرامبەر ئەوا لە 3

ساڵ بۆ 5 ساڵ زیندانی دەکرێت وە بە بڕی 5 ملیۆن بۆ 10 ملیۆن غەرامەدەکرێت، مەبەس لەو پڕۆژە یاسایە ئەوەیە زانیاری کەسی و حکومی پارێزراوبن.

لەکۆتایدا دەمەوێت بلێم لە نووسینی ئەم کتێبەدا باسێکی کەمی سکویرتی کراوە و سوودم لە کۆمەڵێک زانیاری کوردی لە مالپەرو ئەکاونتە جیاوازەکان بینیوە و کۆمکردوەتەوە و بە شێوەیەکی گونجاو نوسیومەتەوە و وە سوودم لە زانیاری سایتە جیهانیەکان بینیوە کە بە شێوەیەکی گشتی بە زمانی ئینگلیزی بوە و وەرم گێراوەتە سەر زمانی کوردی و بە جۆرێک کە واتا دار بێت و بۆ خوێنەران سوود بەخش بێت .

هەندێک لەو سەرچاوانەی کە سوودم لێ وەر گرتوە .


- https://zaniary.com/blog/60fd4ea6f1d92/%D8%AA%D8%A7%D9%88%D8%A7%D9%86%DB%8C-%D8%A6%DB%95%D9%84%DB%8C%DA%A9%D8%AA%D8%B1%DB%86%D9%86%DB%8C

- https://ckb.m.wikipedia.org/wiki/%DA%AF%D8%B1%D9%88%D9%88%D9%BE%DB%8C_%DA%BE%D8%A7%DA%A9%DA%A9%DB%95%D8%B1

- https://zaniary.com/blog/61074a05be076/%D8%AF%D8%A7%D8%B1%DA%A9-%D9%88%DB%8E%D8%A8

- https://ckb.m.wikipedia.org/wiki/%DA%BE%D8%A7%DA%A9%DA%A9%D8%B1%D8%AF%D9%86%DB%8C_%D8%A6%D8%A7%D9%85%DB%8E%D8%B1%DB%95_%D8%A6%DB%95%D9%84%DB%8C%DA%A9%D8%AA%D8%B1%DB%86%D9%86%DB%8C%DB%8C%DB%95%DA%A9%D8%A7%D9%86%DB%8C_%D8%A8%DB%95%DA%A9%D8%A7%D8%B1%D8%A8%DB%95%D8%B1

- https://zaniary.com/blog/6085f12fdbc87/%D8%AE%D8%B1%D8%A7%D9%BE%D8%AA%D8%B1%DB%8C%D9%86-%D8%AC%DB%86%D8%B1%DB%95%DA%A9%D8%A7%D9%86%DB%8C-%DA%A4%D8%A7%DB%8C%D8%B1%DB%86%D8%B3%DB%8C-%DA%A9%DB%86%D9%85%D9%BE%DB%8C%D9%88%D8%AA%DB%95%D8%B1

- http://kurdishtutorial.blogspot.com/2016/12/blog-post_39.html?m=1

➢ https://www.khaktv.net/all-detail.aspx?jimare=26173&type=Teknelocya

➢ https://www.collinsdictionary.com/us/dictionary/english/security#:~:text=forms%3A%20plural%20se%CB%88curities-,1.,%2C%20etc.%3B%20protection%3B%20safeguard

➢ https://envoy.com/blog/importance-of-security-in-the-workplace/#:~:text=Security%20in%20the%20workplace%20keeps,in%20your%20country%20or%20region

➢ https://www.xendan.org/detailwtar.aspx?jimare=5754&nuser=2049

- https://www.zamenpress.com/Details.aspx?jimare=49520
- /https://devs.krd/qi
- /https://itechkurd.net/6909


*ئەو زانیاریانەی لەم نوسینەدا باسکراون تەنها بۆ خۆپارستنن تکایە دووربکەونەوە لە بەکارهێنانیان بە مەبەستی کاری خراپ .*